
کەرکووک لەچاوەڕوانی پرۆسەی هەڵبژاردندا... فۆتۆ: شێرزاد هەورامی

### پارێزەر کاوە تاڵەبانی:

# کەرکووک لەڕوانگەی هەڵبژاردنی داهاتووی ئێراقدا

**ئا: بەرهەم شێخ عزەدین**

رۆژبەڕۆژ لەپرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێراق نزیک دەبینەوە، هەڵبژاردنی ئەمجارە بەبۆچوونی چاودێرانی سیاسی جیاوازی دەبێت لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی دیکەی وڵات، پارێزەر کاوە تاڵەبانی لەوسەروبەندەی هەڵبژاردن و بارودۆخی سیاسی وڵات و بارودۆخی کەرکووک دوای هەڵبژاردن لەکۆڕێکدا بەم جۆرە شرۆڤەی بارودۆخەکەی کرد، لەم راپۆرتەدا پوختەی کۆڕی پارێزەر کاوە تاڵەبانی سفوێنەوە، کەلەژێر ناونیشانی کەرکووک لەڕوانگەی هەڵبژاردنی نوێی ئەبخداد دا.

**پێشخستنی پرۆسەی سیاسی و داهێنانێکی نوێ**

**سەرەتا کۆڕگێڕ ئاماژەی بەپێشخستنی پرۆسەی سیاسیدا و گوتی:** چەسپاندی هەر بیرۆکەیەکی سیاسی داهێنانێکی نوێی دەوێت بۆ بەرجەستەکردنی ئامانجەکان لەبەر ئەوە دەبێت خاوەن پلان بین لەهەر کاتێک دامەزرێنەری سیستەمێکی تایبەت بین کەوا بگونجێت لەگەڵ کاتی سیاسیدا.

هەڵگرتنی ئاڵایەکی دوور لەڕاستی ناو گۆڕەپانی سیاسی هۆکاری دواکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی بەگشتی و ئامانجەکانی گەلە بەتایبەتی، دەبێت ناونیشانی سیاسی بەغدا دیاری بکەین، وە لەڕوانگەی ئەو ناونیشانەوە پلانی سیاسی خۆمان دابڕێژین وەک دیارە کە هەرێمی کوردستان لەسەرەتای رزگاربوونی لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەردەوام هەنگاوی بەرەو بەرجەستەکردنی پرۆسەی دیموکراس دەبێت، بەڵام نەبوونی سیستەمێکی بەهێز کەوا هەموو بیرۆکە سیاسییەکان لەناو هەرێمدا کۆبکاتەوە بووە مایەی دواکەوتنی پرۆسەی سیاسی لەو سەردەمەدا، هەروەها نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسا بۆ ناونیشانی هەرێم لەو کاتەدا و گوشاری حکومەتی بەغدا هۆکار بۆ روون نەکردنەوەی زۆربەی وشە سیاسیەکان، بەڵام بەکۆششی گەلی کورد و حزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان پێی خستە سەر دامەزراندنی یەکەم وشەی یاسا، ئەویش دامەزراندننی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان راستە لەکاتی دامەزراندنی ئەو بیرۆکە ساسییە ناونیشانێکی دوور لە گۆڕەپانی سیاسی دیاری کرا، هەرچەند ئەم کارە زیان بەپرۆسەی سیاسی دەگەیەنێت ڕەوشە سیاسیەکان بەجۆرێکی جیاواز پێناسە دەکرێن ئەم کارە ئەگەر بێت وەچارەسەر نەکرێت ئەوە دەبێتە مایەی دابڕانێکی لەنێوان گەل وەپرۆسەی سیاسیدا و دروست نەبوونی ڕای جەماوەر بەرامبەر بەهەر بڕیارێکی سیاسی پەیوەست بەئامانجەکای گەل وبڕیاری سیاسی لاواز دەکات لەکاتی دیاری کردنی هەر کارێکی چارەنووسازدا، بۆیە روونکردنەوەی ناونیشانی سیاسی و چۆنیتی کارکردن لەپێناوی پێشخستنی بیرۆکەی سیاسی کارێکی زۆر گرنگگە، بۆ بنیادنانی سیستەمێکی بەهێز کەتێدا گەلی خاوەنی بڕیار بێت و هەست بەگۆڕانکاری بکات لەڕوانگەی هەر پێناسەیەکی سیاسی نوێدا، بەم جۆرە حکوومەت بەرەو یاسابوون دەڕوات و سەرەتایەکی نوێ بۆ ڕێگای سیاسی دیاریکراو دیاری دەکرێت و ئامانجەکان بەرجەستە دەبێت پێشکەوتنی وڵات پەیوەست بەپێشکەوتنی پرۆسەی سیاسی و ئاستی هۆشاری گەل تاوەکو چەند گەلی خاوەنن ئاستی سیاسی بێت تائەوەندە گۆڕەپانی سیالسی بەرو هاوسەنگی دەڕوات.

> **پێشکەوتنی پرۆسەی سیاسی و دیاری کردنی قۆناغەکانی دیموکراسی و سەروەری یاسا وە دەستوور پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاری سیاسی گەلەوە زۆرجار باس لە پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی دەکرێت بەپێی ئەوەی گرنگە بەشداربوونی گەل لە پرۆسەی سیاسیدا دیاری بکەن وە تاوەکو چەند گەل بەشدارە لە دەسەڵاتدا دەبێت**

**کەرکووک لەتەرازووی هەڵبژاردنی نوێدا**

**ڕەوشی کەرکووک لەپرۆسەی هەڵبژاردنەوە بابەتێکی دیکەی کۆڕگێڕ بوو لەوبارەیەوە گوتی:**
دروستکردنی پلانێکی سیاسی نوێ سەبارەت بەچۆنێتی مامەڵەکردنن لەگەڵ کاتی سیاسیدا وەدیاری کردنی ناونیشانی سیاسی بەغدا، چاکترین کارە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک دەبێتت سەرتا هەموو کەموکوڕیەکان دیاری بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بەڕاستی داهێنانێکی سیاسی نوێ دروست بکەین کەتێدا دانیشتوانی کەرکووک خاوەنی بڕیار بن بۆ دیاریکردنی ناونیشانی سیاسی کەرکووک و چارەنوسی ئەم شارە، ئەم کارە، و گەیشتن بەدەسەڵاتی بڕیاردانی سیاسی قۆناغێکی نوێی دەوێت بۆ گەیشتن بەبیرۆکەیەکی سیاسی کوا دەسەڵاتی نوخبەی سیاسی لەم شارەدا دروستت بکەین، دەسەڵاتی نوخبەی سیاسی قۆناغی سێهەمی بەرەو دیموکراسی بوونە، بەم جۆرە کەسانی خاوەن ئاستی سیاسی بەرز بەشدار دەکەین لەدەسەڵاتدا و توێنەری ڕاستەقینە بۆ ئەم شارە دیاری دەکەین، کەوا لەئازارەکان تێبگەن و بتوانن لەئاستی دروستکردنی زمانی دیالۆکی سیاسی بن، کە لەو روانگەیەوە دەتوانین خاوەنی بڕیار بین بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسیەکان دەبێت لەڕوانگەی کاتی سیاسییەوە کارەکانمان ئەنجام بدەین، هەتاوەکو هەنگاو بەرو بەهێزکردنی بڕیارەکانی خۆمان بنێین لەبەغدا دامەزراندنی سەنتەرێکی فکری سیاسی کە ببێت بەجێگای دیالۆکی سیاسی سەربەخۆ لەنێوان نوخبەی سیاسی ئەم شارەدا بۆ چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەکان، ڕێگایەکی سیاسی گرنگە بۆ گەیشتن بەئاستێکی نوێ لە هۆشیاری سیاسی لەهەمان کاتدا کەسانی شارەزادەبن بەنوێنەری کەرکووک بەم جۆرە گەیشتن بەچارەسەرکردنی کێشەکان ئاسانتر دەبێت وەبەرەو قۆناغی دروستبوونی دیالۆکی سیاسی هەنگاو دەنێین، دروست بوونی ئەم قۆناغە داهێنانێکی سیاسی گونجاوی دەوێت لەگەڵ گۆڕەپانی سیاسیدا کەسانی کەرکووک دەبێت لە ناوەڕۆکی بڕیاری سیاسی سەبارەت بەم شارە بن نەک لە ڕوانگەی چوارچێوەیەکی دوور ڕاستی ناو گۆڕەپاندا پلانەکان دابڕێژرێن دەتوانین بڵێین بەشدارکردنی کەسانی ئەم شارە کەوا دەتوانن بە ڕاستی سیستەمێکی گونجاو لەگەڵ ناونیشانی سیاسی دروست بکەین و توانای دروست کردنی بنەمایەکی بەهێز بێ بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانیان سەرەتایەکی پڕشنگدارە بۆ گەڕانەوەی کەرکووک بۆ ناونیشانی ڕاستەقینەی خۆی ئەویش وەکو شارێکی کوردستانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێم.

**پەروەردەکردنی گەل و گرنگی بۆ بەهێزکردنی بڕیاری سیاسی**

کاوە تاڵەبانی باسی هۆشیاری و پەروەردەی گەلی بەم جۆرە کردو گوتی:
پێشکەوتنی پرۆسەی سیاسی و دیاری کردنی قۆناغەکانی دیموکراسی و سەروەری یاسا وە دەستوور پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاری سیاسی گەلەوە زۆرجار باس لە پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی دەکرێت بەپێی ئەوەی گرنگە بەشداربوونی گەل لە پرۆسەی سیاسیدا دیاری بکەن وە تاوەکو چەند گەل بەشدارە لە دەسەڵاتدا دەبێت ئەوە بزانین کەوا لەگەڵ هەر گۆڕانکاریەکی سیاسیدا ئاڵۆزیەکی گەورە ڕووبەڕووی گۆڕەپانی سیاسی دەبێتەوە گەر بێت و گەل خاوەنی ئاستێکی بەرز نەبێت لە هۆشیاری سیاسی هەروەها سەرچاوەی ئەو گۆڕانکاریە گرنگە بۆ دیاریکردنی قۆناغی بەرەو دیموکراسی بوون و دامەزراندنی حکوومەتی یاسا وەموئەسەساتی، لێرەدا پەروەردەکردنی گەل پەروەردەیەکی سیاسی ڕاستەقینە کەوا بتوانێت لە داهاتوودا بێت بە خاوەنی بیرۆکەی سیاسی جیاوازو توانای پێناسەکردنی کاتی سیاسی ڕەوشە سیاسیەکانی هەبێت لەگەڵ گونجاندنیا لەگەڵ گۆڕەپانی سیاسیدا بەم جۆرە گەل هەست بە سیستەمێکی نوێ دەکات لە هەموو ڕووەکانەوە جیاوازی کردن لە نێوان دەسەتکەوتی نەتەوایەتی وە دەستکەوتی تاکە کەس زۆر گرنگە بۆ دروستبوونی ڕای جەماوەر و بەهێزکردنی بڕیاری سیاسی لە کاتی دیاریکردنی هەر ئامانجێکی چارەنووسازدا نەبوونی ئەو هۆشیارییە زیانا بە ئامانجەکانی گەل دەگەیەنێ وە بڕیاری سیاسی لاواز دەکات لە ناو گۆڕەپانی سیاسیدا و گوشار دەخاتە سەر حزبە سیاسیەکانی لە کاتی هەڵبژاردن چونکە ئەو کاتە حزبە سیاسیەکان کۆششێکی زۆر گەورەیان دەوێت بەمەبەستی ئاشنا کردنی گەل بە گرنگی هەڵبژاردن لەبەر ئەوە تەنها هۆشیاری کردنی گەل بە گرنگی هەڵبژاردن بۆ پێشخستنی پرۆسەی سیاسی بەڵکو دروستکردنی بنەمایەکی بۆ چۆنیەتی بەشدارکردنی گەل بە دەسەڵاتدا و چۆن بنەمایەکی بەهێز لە تواناو بیروبۆچوونی سیاسییان لا دروست دەکەین بەمجۆرە پرۆسەی سیاسی بە ڕووی قۆناغی نوێ هەنگاو دەنێت ئەویش قۆناغی هاوسەنگی سیاسییە.



# دەربڕینی هەواڵ

هەموو راپۆرتە هەواڵەکان پێکهاتەی تێکەڵاوێکن لە راستییەکان، بینینەکان، گوێزانەوەی قسە و شیکردنەوەی وردەکارییەکان. زانیارییە کۆکراوەکان لە ڕێگای هەواڵنێرەکانەوە تا رادەیەک بەردەوام زیاتر لەو رێژەیە کە دەتوانن کەڵکی لێوەربگرن و بە هۆی ئەوە کە بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانە هەوڵیان داوە، سروشتییە کە هۆگری ئەوە بن هەرچی زیاتر لەو زانیاریانە لە راپۆرتەکانیاندا کەڵک وەربگرن. بەڵام گونجاندنی هەموو ئەو راستیانە لە راپۆرتەکاندا، بە کەمی دەبێتە هۆی داستانێک بە باشی گێردرابێتەوەو بە باشی بتوانێ بەرامبەر رابکێشێ. تێگەیشتن لەو راپۆرتانەی کە لێوان لێون لە زانیاری، ئەستەمترە. ئەو هەواڵنێرەی کە هەوڵ دەدا هەموو شتێکی باس بکا، تەنها لە سەرلێشێواندنی خوێنەرەکاندا سەرکەوتووە. جگە لەمە، رۆژنامەکان جێگایەکی بەرتەسکیان بۆ نووسینی بابەت هەیە، کاتی بڵاو بوونەوە بەرنامەی هەواڵی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان و هەروەها کاتی خوێنەرەکان، گوێگرو بینەرەکان و گرینگیەکیش کە بۆ بەدواداچوونی هەواڵەکان لە خۆیانی نیشان دەدەن، سنووردارە.

رۆژنامەوانی بەکەڵک بە واتای دەسبژێرکردنی هەواڵەکانە نەک زۆر کردن و کۆکردنەوەیان لەسەر یەک. هەواڵنێرەکان دەبێ لە هەڵسەنگاندنی رۆژنامەوانانەی خۆیان کەڵک وەربگرن و بڕیار بدەن کە کام بابەتە بۆ جێگا کردنەوەی لە راپۆرتەکەیاندا گرینگ و پر بایەخە و لە چ بەشێکی راپۆرتەکەدا بیگونجێنن. بۆ زۆرێک لە هەواڵنێرەکان، ئەستەمترین بەشی راپۆرت، بڕیاردانە سەبارەت بە لابردنی بەشێک لە زانیارییەکان. ڕێگایەک بۆ ئەنجامدانی ئەو بڕیارە، هەڵبژاردنی خاڵی سەرەکی و ناوەندی یا بابەتی بەسەرهاتەکەیە کە پێیشی دەوترێ ناوەندی داستان.

**ناوەندی داستان**

ناوەندی داستان لە راستیدا وڵامی ئەو پرسیارەیە،" بەسەرهات بە راستی سەبارەت بە چییە؟" بۆ تێگەیشتن لە چەقی داستان، مامۆستای وانەی نووسین لە ئینستیتۆی پۆینتێر، چیپ ئێسکانلان، چەند پرسیاری دیکە پێشنیار دەکا:

. هەواڵ چییە؟
. راپۆرتی ئەو هەواڵە چییە؟
. وێنەی هەڵگیراو لەم هەواڵە چییە؟
. چۆن دەتوانرێ بەسەرهاتەکە لە شەش وشەدا باس بکرێ؟
. باشە چی بوو؟

وای دابنێ دەتهەوێ لە ئاگر کەوتنەوەیەکدا کە لە ناوچەیەکی سروشتی بە خێرایی لە حاڵی پەرەسەندنایە، راپۆرتێک ئامادە بکەی. تۆ هەموو رۆژەکە لەو لەو شوێنە ئامادە بووی، لەگەڵ خەڵک قسەت کردووە و زیانەکانی ئەو کارەساتەت بۆ دەرکەوتووە. ئێستا دەبێ پێش دەسپێکردنی نووسینی راپۆرتەکە، ناوەندی داستانەکە بدۆزییەوە. لێرەدا نیشان دەدەین کە چۆن دەتوانین لە پرسیارەکانی ئێسکانلان بۆ دۆزینەوەی چەقی داستانەکە کەڵک وەربگرین:

**هەواڵ چییە؟**
ئاگر کەوتنەوە دوو خانووی لە کێوەکانی بەشی رۆژهەڵاتی شار وێران کرد، بەڵام کەس بریندار نەبوو و زیانێکیش بە ناوچەی بازرگانی شار نەگەیشت.

**راپۆرتی ئەم هەواڵە چییە؟**
دوو بنەماڵە بێ خانەو لان بوون بەڵام لەوەی کە بە زیندوویی ماونەوە خۆشحاڵن.

**وێنەی هەڵگیراو لەم هەواڵە چییە؟**
ئەندامانی بنەماڵەکە راوستاون لە نزیک دارو پەردووی خانووەکەیان لە حاڵێکدا کە هێشتا هەر دووکەڵی لێ بەرز دەبێتەوە، یەکتریان لە باوەش گرتووە.

. چۆن دەتوانین بەسەرهاتەکە لە شەش وشە باس بکەین؟
ئاور خانووەکان وێران دەکا، نەک دڵەکان.

. باشە چی بوو؟
زیانەکانی سەرچاوە گرتوو لە ئاگرکەوتنەوەیەکی مەترسیدار سنووردار بوو.

ئەو هەواڵنێرەی کە مەبەستی نووسینی ئەو راپۆرتەی هەیە ئێستا دەزانێ کە کەسانی جێگای مەبەستی ناوبراو ئەو بنەماڵانەن کە خانووەکانیان لەدەست داوە؛ و دەزانێ کە ئەو زمانحاڵی یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەیە و کەڵک لە دەربڕینی خۆشحاڵی ئەو کەسە سەبارەت بە رزگاربوونی هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەیان لە سەردێری راپۆرتەکەدا وەردەگرێ؛ هەروەها زانیاری گشتی سەبارەت بە زیان پێگەیشتنی کەل و پەلەکان لەو راپۆرتەدا دەگونجێنێ. هەواڵنێر دەزانێ کە دەتوانێ برێک لە زانیارییە کۆکراوەکان سەبارەت بە رێژەی رێکخراوەکانی ئاگر کوژێنەوە کە لە ناوچە بازرگانییەکە سەبارەت بەم رووداوە دژکردەوەیان نیشان داوە لابەرێ. بەڵام رەنگە رستەیەک لە قسەکانی بەرپرسی ئاگرکوژاندنەوە بگێرێتەوە.

ئەم مەشقە بۆ دۆزینەوەی ناوەندی راپۆرتەکە بەو واتایە نییە کە هەموو راپۆرتێک خاوەنی ناوەندێکی جێگای پەسەندە. بە پێچەوانەوە، هەواڵنێری دەزگا هەواڵنێرییە جیاوازەکان، رەنگە لە راستیە هاوشێوەکان کەڵک وەربگرن بەڵام راپۆرتەکانیان بە شێوەیەکی تەواو جیاواز بنووسن، چونکە ناوەندێکی جیاوازیان هەڵبژاردووە. سەبارەت بە راپۆرتی ئاگرکەوتنەوەی سروشتی، هەواڵنێرێک دەتوانێ لە ئەو پێنج پرسیارە هاوشێوەیە کەڵک وەربگرێ و بگاتە ناوەندێکی جیاواز.

**هەواڵ چییە؟**
ناوچەی بازرگانی شار لە مەترسی زیانەکانی سەرچاوە گرتوو لە ئاگر کەوتنەوەیەکی سروشتی کە بووە هۆی وێرانی دوو خانوو لە کێوەکانی رۆژهەڵاتی شار، بێ زیان بوو.

**راپۆرتی ئەم هەواڵە چییە؟**
خاوەنی فرۆشگاکان کە لە زیانەکانی ئەو ئاگرەدا لە ئەماندا مانەوە، خۆشحاڵن.

**وێنەی هەڵگیراو لە لەم هەواڵە چییە؟**
یەکێک لە کاسبکاران دەستی یەکێک لە فەرمانبەرانی ئاگر کوژێنەوە ی لەبەر دەم دووکانەکەیدا دەگوشێ.

. چۆن دەتوانین بەسەرهاتەکە لە شەش وشەدا دەربڕین؟
ئاگر ناتوانێ پێوەندییەکان بوەستێنێ.

. باشە چی بوو؟
کاریگەری ئابووری سەرچاوەگرتوو لە ئاگرکەوتنەوەیەکی مەترسیدار سنووردار بوو.

دەربرینی ئەم جۆرە بەسەرهاتە دەتوانێ سەبارەت بە ئاسوودەیی دەروونی کاسبکارەکان بێ و گوێزانەوەی قسە لە خاوەن پیشەیەک کە دووکانەکەی لە ئاگرەکە لە ئاماندا بووە، لە سەردێری راپۆرتەکەدا بێ. هەر دوو راپۆرتەکە لە هەمان زانیاری سەرەتایی هاوشێوە کەڵک وەردەگرن- ئەوەی کە دوو خانوو وێران بوون، لە حاڵێکدا دووکانەکان لە مەترسی ئەو ئاگرە بە دوور بوون ñبەڵام پێ داگریان لەسەر بابەتگەلێکی جیاوازە. زانینی ئەو بابەتە پێش نووسینی راپۆرتە، کە لەسەر چ شتێک پێداگری بکرێ، یاریدەی هەواڵنێر دەدا کە چ بەسەرهات و قسەیەک گواستنەوەیەک بگونجێنێ و کامیان لابەرێ. هەروەکو ویلیام زینسر لە کتێبەکەیدا بە ناوی سەبارەت بە دروست نووسین و ورد نووسین دەڵێ، " بیرکردنەوەی روون نووسینی روون بەرهەم دێنێ؛ هەکام بە بێ ئەوی دیکە ناتوانێ بوونی هەبێ. "

هەواڵنێرە پرۆفیشناڵەکان بۆ دۆزینەوەی ناوەندی راپۆتەکەیان، تا کۆتایی رۆژ و دوا ئەنجامی راستییەکان، وتووێژەکان و دیتنەکان ناوەستن. رەنگە لە راستیدا رەوتی راپۆرتەکە لەگەڵ هەبوونی ناوەندی راپۆرتەکە لە مێشکی خۆیاندا دەست پێبکەن کە یاریدەیان دەدا بۆ بریاردان لەسەر ئەوەی کە بچنە کوێ و لەگەڵ چ کەسانێک وتوویژ بکەن. هەڵبەتە رەنگە نێوەرۆکی راپۆرتەکە لە کاتی کۆکردنەوەی زانیاریدا گۆڕانی بەسەردا بێ و زۆر جار ئەم شتە دێتە پێش. گرینگترین بابەت ئەوەیە کە نووسەری راپۆرت، پێش دەسپێکردنی نووسین سەبارەت بە نێوەرۆکی راپۆرتەکە بڕیاری دابێ.

و: سەلاح سەدباری